# ٢٣ ـ زیچانی

ئەم باری‌یە لە بەینی « ٢ ـ ٦ » منداڵ ئەکری ،
لە تەمەنی « ٨ ـ ١٤ » ساڵی‌دا .

هەر یەکەیان سێ قوڵت لە پیش خویا لە زەوی بو

خوی هەڵ ئەکەنی ، هەر قوڵتیکی بە قەد « دوو گوڵم ° » یـا بچوکترە ، هەر مندالەی « ٥١ » بەردی وەکوو « هیلکە کیشکە » کو ئەکەنەوەو بەم جورە هەر یەکەیان دابەشی ئەکا بە سەر قولتەکانی خویا : قولتی ناوەڕاست پێی ئەووترێ « زیچ » دە جووتەو تاقی بەردی ئەخاتە ناویەوە ، دوو قولتەکەی ئەملاو ئەولاشی هـەر یەکـە پێیان ئەووترێ « ماڵ ، یا چاڵ » هەر یەکەیان حەوت جووتەو تاقی بەردی بەر ئەکەوێ .

هەموو مندالەکان « تەزو هیشکانی » ئەکەن لە سـەر ئەوەی کامیان لە پیشا دەس بە یاری بکا ، کامیان سەرکەویت لە پیشا چالیکی خوی هەل ئەگرێو تەنیا بەردیکی تیا ئەهیلیو بەردەکانی تریش بە دەستیەوە ئەگرێو یەکە یەکە بە ریزە بەسەر هەموو قولتەکانا دابەشیان ئەکا ، تا بەردەکانی دەستی دواییان دێ دووا بەرد لە کام قولت کەوتەوە ئەویشیان وەکوو قولتەکەی پیشووی خوی بەتال ئەکاو تاقە بەردیکی تیا ئەهیلیتەوە ، ئەم بەردانەش وەکوو جاری پیشوو یەکە یەکە دابەشیان ئەکا بەسەر هـەموو قولتەکانا ، هەمیشە دووا بەرد لە کام قولت بکەویتەوە وەکوو قولتەکانی پیشوو تەنیا بەردیکی تیدا ئەهیلیتەوە ...

بەلام ئەگەر جاریك دووا بەرد لە دەستیا لە زیچەکەی خویا بکەویتەو ئەوا لە یاری ئەوەستی چەنکو « زیچ » ئەکا ،

---

(°) دوو گوڵم : کە هەر دوو دەست لە تەنیشت یەکا رائەگیرێو ئەکرێنە قولتیك بو ئەوەی شتیکی بخریتە ناویەوە .

منداڵەکەی دەستە راستی دەس بە یاری ئەکا هەر وەکوو ئەوەی پیشوو بە مەرجیك لەزیچەکەی یاری کەرەکەی یەکەمدا باز بداو بەردی ئەخاتە ناویەوە چەنکو خاوەنەکەی زیچی کردووە ، ئەگەر بە هەڵە بەردیکی خستە ناویەوە لە کاتی دابەش کردنی بەردەکاندا پیویستە سی جووت‌و تاقی لە بەردەکانی دەستیدا بخاتە ناو زیچەکە ، ئەگەر حەوت بەرد یا کەمتریشی لە دەستیدا مابی ئەوە هەمووی ئەخاتە ناو زیچەکەو لە یاری ئەکەوێ بەبی ئەوەی زیچەکەی بکات‌و منداڵەکەی دەستە راستی دەس بە یاری ئەکاو مالیکی خۆی بەتاڵ ئەکات‌و بەردیکی تیدا ئەهیلیتەوە ، هەر وەکوو ئەوانەی پیشوو . بەلام ئەگەر ئەوەی پیشوو حەوت بەردی زۆرتر لە دەستیا مابیت هەر لە یاری کردنا بەردەوامە تا زیچ ئەکا واتە دووا بەرد لە دەستیدا لە زیچەکەی‌خۆیدا ئەکەویتەوەو لە یاری ئەکەوێ‌و ئەوەی دەستە راستی دەس بە یاری ئەکا بە مەرجی لە کاتی بەرد دابەش کردنا لە سەر هەر دوو زیچ باز بدا کە خاوەنەکانیان زیچیان کردووە .

بەم جورە تا هەموو منداڵەکان یەکە یەکە زیچ ئەکەن‌و ماڵەکان چۆل ئەبن واتە هەر یەکەیان بەردیکیا تیدا ئەمینیت . ئەنجا « مالان » ە کە هەر یەکە لە منداڵەکان بەردەکانی هەر سێ قولتەکانی خوی کو ئەکانەوەو ئەیان ژمیرێ ، هەر یەکیکیان لە بەنجاو یەك بەردەکەی خوی کەمتری مابی مالیکی ئەفروشی بە « ۲۱ یا ۱۵ » بەرد ئەگەر پیویستی هەندە بەردەی هەبی ،

بەلام ئەگەر کەمتری پێویست بێ ئەوا چەند بەردێکی کەم بێ بە « سەلەم » قەرز وەری ئەگرێ لەو منداڵانەی کە بەردیان لە « ٥١ » بەردەکەی خۆیان زۆرتر بێت . هەر یەکێکیشیان « ١٥ ـ ٢١ » بەردی زیادی هەبێ لە « ٥١ » بەردەکەی ئەوا ماڵێکی پێ ئەکڕێ‌و ئەو ماڵە ئەبێ بە « پوچ »ی ئەوو لە کاتی یاری کردنا چەند بەرد لەم پوچەدا کۆبێتەوە هەمووی بۆ خۆیەتی.

لە سەرێوە دەس بە یارییەکە ئەکەنەوەو بەردەکان بە سەر چاڵەکاندا دابەش ئەکەنەوەو ریزە لە کامیان بێ دەس بە یاری ئەکا وەکوو جاری پێشوو هەتا هەموویان یەکە یەکە زیچ ئەکەنەوەو ماڵەکانیش هەموو بەتاڵ ئەبن . ئەجا هەر یەکەیان چاڵ‌و زیچ‌و پووچەکانی خۆیان کۆ ئەکەنەوەو ئەیان ژمێرن . ئەوەی زۆری پێویست بوو چاڵ ئەفرۆشێ ، ئەوەی کەمیشی پێویست بوو سەلەم ئەکا ، ئەوانەی تریش کە زۆریان زیادبێ چاڵ ئەکڕن ، کەمیشیان زیادبێ بە سەلەم ئەیدەن بە پێویستەکان بۆ ئەوەی بۆ جارێکی‌تر کە هەمیشە پێویست بوو چاڵێکی پێ بکڕێ‌و لە سەر سەلەمەکەوە بۆی تەواو بکات .

هەمیشە لە سەرێوە دەس بە یارییەکە ئەکەنەوە هەر یەکێکیان هیچ چاڵێکی نەما هەمووی بفرۆشێت لە یارییەکە دەرئەچێ. تاکو منداڵێکیان هەموو چاڵ‌و زیچەکان لە منداڵەکانی‌تر ئەکڕێتەوەو سەر ئەکەوێت . جا لە سەر هەر شتێکیان کردبێ.